# ئاسایشی سلێمانی دەستگیرکردنی حەوت تیرۆرستی داعشی راگەیاند




بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئۆپراسیۆنەکانی ئاسایشی سلێمانی رایگەیاند، لە دوو چالاکیدا ( ٧ ) تیرۆریستی داعشیان دەستگیرکردووە کە و دوانیان پلەی ئەمیریان هەبووە.

ئاسایشی سلێمانی باویکردووەتەوە کە لەسەر بنەمای زانیاری هاوگری وورد و چاودێری بەردەوامی هێزەکانمان، دوای وەرگرتنی بڕیاری دادوەری لەکۆمیتەوەی ئاسایش، توانرا لە دوو ئۆپراسیۆنی سەرکەوتوودا لە ٤/٢٠ و ٥/٣ ی ٢٠٢٤ (٧)تیرۆریستی(داعش)لە شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە دەستگیربکەن، کەبەشێوەی نایاسایی سنورەکانی هەرێمی کوردستانیان بەزاندبوو بۆ مەبەستی گەیشتن بە شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق.

دەشێت:"دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ووردی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئۆپراسیۆنەکانی ئاسایش و بەدەستگەیشتنی زانیاری پشتڕاستکراوی هاوپەیمانان و هێزە ئەمنیەکانی عێراق و هەڵگرتنەوەی پێنجەمڕی دەستگیرکراوان دەرکەوت سەرجەمیان لەچەندین کردەوەی تیرۆریستی بەشداربون و دووان لە دەستگیرکراوان پلەی ئەمیریان هەبووە و یەکێک لە تیرۆریستان شارەزای بڕای بۆمب(عبواتی)بووە".

بە گوڕی راگەیەندراوەکەی ئاسایش، ئێستا سەرجەم داواکراوان بە ماددەی (٢)ی تیرۆر دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوە لەدەسیکانیان بەردەوامە.